UNHCR
The UN Refugee Agency

## پرسیارو وەلام لە سەر داوا کردنی پەنابەرایەتی و نیشتەجی بوونەوە

کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان - عیراق

**من ئاوارەیەکی ناوەخوم ئایا (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) دەتوانی یارمەتیم بدات بو جیگگیربوونە وە لە وولاتیکی تر؟**

(کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) دەور دەبینی بە یارمەتی دانی حووکمە تان بو دوزینەوەی چارەسەریکی بەردەوام بو ئەو پەنابەرانەی لە دەرەوەی وولاتی خویانن. (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) دەوری نیە بو جیگگیرکردنە وەی هاوولاتیانی عیراق لە وولاتانی تر و لەو بووارەش نیە کە بتوانی یارمەتی بدات بو ڤیزا وەرگرتن یا پارەی بلیتی سەفەر بدات. ئەگەر دەتەوی عیراق بە جی بیلی و سەفەر بکەی بو وولاتیك کە ڤیزات پیویست بی تکایە بچو بو سەفارەت یا کوونسولیەتی ئەو وولاتە لە عیراق بو زانیاری زیاتر و داواکردنی پیویستیەکان.

**من کوچبەریکی ناوەخوم- ئایا دەتوانم داوای پەناهەندەیی بکەم لەناو عیراق؟**

داواکارەکانی پەنابەری ئەو کەسانەن کە وولاتی خویانیان بەجی هیشتووە و داوایان لە حووکمەتی وولاتیکی تر کردووە بو پاراستنیان وەك پەنابەر. بەلام لەبەر ئەوەی تو هەر لە عیراقی و هاوولاتی عیراقی ناتوانی داوای پەنابەری یا بوون بە پەنابەر بکەی. وە لە بی بەختی هیچ سستەمیك نیە کە لە ریگەیەوە (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) بتوانی یارمەتیت بدات بو داوای پەنابەریەتی لە دەرەوەی عیراق.

**من هاوولاتیەکی عیراقم و لەبەر شەر ناچار بووم کە هەلیم لە عیراق چون دەتوانم داوای پەنابەریەتی بکەم؟**

گەر تو لە دەرەوەی عیراقی و دەتەوی داوای پەنابەریەتی بکەی بە زووترین کات داواکەت بگەینە حکوومەتی ئەو وولاتە یان (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) لەو وولاتە بو ناو نووسین وەك داواکاری پەنابەر. ناو نووسین وەك داواکەری پەنابەریەتی ئەنجام دەدریت لەلایەن حکوومەتان یا کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) یا هەردووکیان بە گویرەی بووارەکە. وولاتەکە یا (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) دەتووانن زانیاریت پی بدەن لە سەر پیداویستیەکانی فەرمایشتەکە.

**من هاوولاتیەکی عیراقم داوای پەنابەریەتیم کردووە لە دەرەوەی عیراق. چون دەتوانم ببم بە پەنابەر؟**

دوای ناو نووسین وەك داواکار بو پەنابەریەتی حکوومەتی وولاتەکە یا (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) رینمایت دەکات بو پیداچوون بە پروسەیەك بو دیار کردن بو شیاویت بو پەناهەندەیی. ئەنجامی پروسەکە لەوانەیە ئەری یا نەری بی. ئەگەر هاتوو نەناسرای وەك پەناهندە تکایە بزانە کە حکوومەتی ئەو وولاتە لەوانەیە داوات لی بکات کە لە وولاتەکەی دەربچی.

**لە وولاتیکی من هاوولاتیەکی عیراقیم و لەبەر شەر ناچار بووم کە هەلبیم لە عیراق. ئایا (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) دەتوانی یارمەتیم بدات بو نیشتەجی بوونەوە لە وولاتیکی سێیەم؟**

بە شیوەیەکی گشتی نیشتەجی بوونەوە کراوەیە تەنها بو ژمارەیەکی دیاری کراو بو ئەو کەسانەی کە بە رەسمی دەستنیشان کراون وەك پەنابەر و ئەوە داواکاری پەنابەریەتی ناگریتەوە. (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) بە گشتی ئەو دوسیانە دەستنیشان دەکات کە زور بی چارەن بو نیشتەجی بوونەوە و هەردوسیەش بە گویرەی بەهای خوی بایەخی پی دەدری. و تکایە بزانە کە نیشتەجی بوونەوە ماف نیە.

**کی بریار دەدات لە سەر نیشتەجی بوونەوە؟**

لە کاتیکدا کە (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) پەنابەرەکان دەستنیشان دەکات بو نیشتەجی بوونەوە و دانیشتنیان لەگەل دەکات بو خەملاندنی شیاویان بەلام بریاری کوتایی بو قبوول کردنی پەنابەر بو نیشتەجی بوونەوە لە دەست ئەو وولاتانەیە کە پەنابەران وەردەگرن نەك (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان). بە گشتی هەموو سالیك تەنها ١٪ پەناهەندان نیشتەجی دەبنەوە.

**ئایا دەتوانم بە راستەوخویی داوای نیشتەجی بوونەوە بکەم لە سەفارەتەوە (نموونە ئەگەر بچمە سەفارەتی ئەمریکا یا سەفارەتی وولاتیکی تر و داوای نیشتەجی بوونەوە بکەم ئایا یارمەتیم دەدەن)؟**

هەندی وولات نەخشەی خویان هەیە بو نیشتەجی بوونەوە وەك قبوول کردنی ئینسانی یا خیزان یەکگرتنەوە. زانیاری لەو بارەوە ئەبی راستەوخویی وەربگیری لە سەفارەتەکانی ئەو وولاتانە.

**ئایا کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان دەتوانی وەرگرتنی ڤیزای تایبەتم بو برەخسینی بو وولاتیکی سییەم؟**

(کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) پەیوەندی نیە بە رەخساندنی ڤیزای تایبەتیەوە کە جیاوازە لە نیشتەجی بوونەوە. هەندی وولات وەك ئەمریکا و ئوستڕالیا شیوازی کوچکردنی خیزان یەکگرتنەوەیان هەیە و ئەگەر توش ئەندامی خیزانی نزیکت هەیە لەو وولاتانە ئەوا لەوانەیە ئەو یەکگرتنەوە بتگریتەوە. (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) پەیوەندی بەو شیوازانەوە نیە. وە بو وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەو بارەوە تکایە سەردانی سەفارەتی ئەو وولاتانە بکە.

**بیستوومە کە ریکخراوی نا حکوومی هەن لە عیراق کە یارمەتی خەلکی دەدەن بو نیشتەجی بوونەوە بە هاوکاری لەگەل (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) و پارە وەردەگرن بو خزمەتگوزاریەکانیان. ئایا ئەوە شەنسم باشتر دەکات بو نیشتەجی بوونەوە لە ریگای (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان)؟**

(کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) و نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەل هیچ ریکخراوەکی نا حکوومی کار ناکات بو دەستنیشانکردنی دوسیەی نیشتەجی بوونەوە. لەگەل ئەوەشدا خزمەتگوزاریەکانی (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) هەمووی بی پارە وەرگرتنە. ئەگەر هاتوو هەر ریکخراویك پارە وەربگری بو دابین کردنی نیشتەجی بوونەوە و وات تی بگەیەنی کە نووینەرایەتی (کومسیونی بالای پەناهەندانی وولاتە یەکگرتووەکان) یا نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات ئەوە ساختەکریە و پیچەوانەی یاسای عیراقەو وا باشە نەچی بو لایان و بەلکو ئاگاداری پولیس بکەی.

**لە کوی دەتوانم زانیاری گشتی وەربگرم لە بارەی یارمەتی بو کوچبەرانی ناوەخو؟**

گەر پرسیارت هەبوو لەوبارەوە تکایە پەیوەندی بکە بە سەنتەری گشتی کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە داندراوە بە ژمارە ٢٤٨٧ ٨١٤ ٠٧٥٠ یا ١٢٦٨ ٩٦٧ ٠٧٥٠ یا بە Email:opscell.iraq@gmail.com